کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-4-2007 10:58

## بۆ سەرۆکی هەرێم و حکومەت وپەرلەمان و وەزارەتی تەندروستی و مەکتەبە سیاسیە پایەبەرزەکان! نەخۆشخانەی خانەقین، واتە ئابرووچوونی ئێوەو حکومەت و پەرلەمان! ... سەلام عەبدوڵا



شاری خانەقین چەندین وەزیرو بەرپرسی پایەبەرزی هەیە لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوو 6وەزیری حکومەت، سەردانی شارەکەیان کرد. بەڵام بەداخێکی زۆرەوە، هیچ یەك لەو وەزیرو بەرپرسانە، بارودۆخی ناهەمواری نەخۆشخانەکەتان لەبەرچاوە نەگرتووە، گەرچی چەندین جار لە ڕۆژنامەکان (لە هاوڵاتی نامەیەك ئاراستەی وەزیری تەندرووستی بڵاوکرایەوە) و لە (نێوەند، گفتوگۆیە لەگەڵ د. کامەران ئەحمەد-جاران بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە- بڵاوکرایەوە) خراوەتەوە بەرچاو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك تا نووسینی ئەم وتارە، بەهانایەوە نەهاتوون. وەزارەتی تەندرووستی کوردستان خۆی بە بەرپرسیار نازانێ لەبەرامبەر دۆخی تەندرووستی شارەکەمان و وەزارەتی تەندرووستی عیراق هیچ بۆ شارەکە ناکەن و لەم ناوەڕاستە هاووەڵاتیان باجی قورسی ئەم بەرەڵایی و بێ بەرپرسیارییەتییە بە گیان و ئازار و ترس و دڵەڕاوکێ، دەدەن. ئایا لافلێدان و بە زارەکی بەسەرکردنی شارەکە و بەڵێنەکان چی دەگەیەنن؟ ئایا پاساوی ئەو بەرپرسە پایەبەرزانە بۆ هەرزانی و هەڕاج کردنی ژیان و گیان و هەستی دانیشتوانی خانەقین چییە؟

ئیمڕۆ نەخۆشێکم گەیاندە نەخۆشخانە و لەبەر ئەوەی بچووکترین پێداویستی فریاکەوتن لەبەردەستدا نەبوو، ناچاربووم بە زووترین کات فریای دەرمانخانەیەك بکەوم (هەموویان داخرابوون!) و لەوێ دەرمان ودەرزی و (موغەزی) بکڕم.

ئەگەر یەکێك سەردانی دەرمانخانەی نەخۆشخانەکە بکات، وا هەست دەکات لە نەخۆشخانەی کوێرە دێیەکی بیابانەکانی ئەفریقایە. مرۆڤ نابێ لەم شارە نەخۆش بکەوێت و زۆر جار نەخۆشەکان هەواڵەی کەلارو سلیمانی دەکرێن و قوڕ بەسەر ئەوەی دەستی کورتە!

ئەم بارودۆخە تازە نییەو وەك (ئیمام وەیس) ی لێ هاتووە- شوێنێکە تا ئێستا بە دەیان کەس لەلایەن ئیسلام بەعسییەکان سەربڕاون و کوژراون!) و هیچ هێزێك ناتوانێ چارەسەری بکات!

داوا دەکەین سنوورێك بۆ بەسووك و نزم مامەڵەکردنی نەخۆش و نەخۆشخانەکەی خانەقین دابنێن.

سەلام عەبدوڵا
dwaroj@yahoo. de
00964 0) 770 1929872)

تێبینی: پشتگوێ خستنی تەندرووستی و ژیانی خەڵك شایەنی تورەبوونە و ناڕەحەتییە، نەك شێوەی ئەم نووسینە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.